University Of Human Development
٨th International Scientific Conference
Reform and Political Change
14-15 july 2021
doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp286-294

# سیاسەت و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستان

**هەورامان فریق كريم**
**قوتابی دکتۆرای کۆمەڵناسی - زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر - کۆلێجی ئاداب**

**پ.ی.د. موراد حکیم مزوری**
**زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێجی ئاداب - بەشی کۆمەڵناسی**

## پوختە

نەتەوەسازی پرۆسەیەکە کە دەبێتە هۆی بێچمگرتنی ئەو وڵاتانەی کە تیایاندا هاوڵاتیان هەست بە ئەندازەیەکی پێویست لە هاوبەشیکردنی خولیاکان و ئامانجەکانیان دەکەن، بە شێوەیەك کە ئاواتی جیابوونەوە لە یەکتر ناخوازن. هاوکات پرۆسەیەکە کە دەسەڵاتێك یان دەستەبژێرێك لەناو حکومەت و دەوڵەتێکدا یان چوارچێوەی وڵاتێکدا بڕیار دەدەن جێبەجێی بکەن بە ئامانجی دروستکردنی گونجان و یەکڕیزی نەتەوەیی و نەهێشتنی پەرتبوون و لەتبوونی کۆمەڵگە. بۆ ئەمەش گروپ و کۆمەڵ و ئێتنیکەکان لە دەوری یەك کۆبکەنەوە و شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش دروست بکەن. ئەم پرۆسەیە مەرج تەنیا لە وڵاتێکدا پیادە بکرێت کە خاوەنی دەوڵەت بێت، بە پێچەوانەوە هەندێك جار نەتەوەسازی پێش دەوڵەت دەکەوێت و بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی

خاوەن دەوڵەتی مۆدێرن، مەرجە کە پرۆسە و پرۆژەی نەتەوسازی تێدا جێبەجێ بکرێت. نەتەوە و نەتەوەسازی دوو دیاردەی مۆدێرنن، بۆیە ڕەگەزەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیش کۆڵەکەی دروستکردنی دەوڵەتی مۆدێرنن کە خۆیان لە دەوری یەکڕیزی نیشتیمانی، هاوڵاتیبوون، شوناسی هاوبەش و دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان و زمانی یەکگرتووی نەتەوەیی هاوبەشدا دەبیننەوە. لەم توێژینەوەیەدا و لە ڕووی تیۆرییەوە، ڕەگەزەکان و ڕەگوڕیشەی چەمکی نەتەوەسازی و گرنگی پرۆسەی نەتەوەسازی بۆ هەرێمی کوردستان ڕوون دەکرێتەوە. پرسیاری جەوهەری لەم توێژینەوەیەدا پرسیارە لە بوونی نەتەوەیی کورد. واتە ئایا لە هەرێمی کوردستاندا نەتەوە هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆن و ئەگەر نییە بۆچی؟ ئایا بۆ هەرێمی کوردستان نەتەوەسازی لە پێشترە یان دەوڵەتسازی؟

**چەمکە سەرەکییەکان:** نەتەوە، نەتەوەسازی، ناسیۆنالیزم، شوناسی نەتەوەیی.

## دەستپێك

مۆدێرنیستەکان پێیانوایە کە چەمکەکانی نەتەوە، دەوڵەت ـ نەتەوە و نەتەوەسازی[1] چ وەك تیۆر و چ وەك واقع و ئۆبجێ بەرهەمی مۆدێرنیتەن. لەو نزیکەی ٢٠٠ وڵاتەی کە ئێستا هەن، ١١٢ وڵاتیان لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە هاتوونەتە ئاراوە. هەندێکیان وڵات و دەوڵەتی خاوەن نەتەوەن و هەندێکیان دەوڵەتی بێنەتەوە. ئێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەیدا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بە گوێرەی ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی دەوڵەتی بێنەتەوەیە. ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٢٠ەوەیە کە ئیدی سەربەخۆیی لە دەوڵەتی عوسمانی وەردەگرێت بەڵام دیسانەوە دەبێتەوە بە یەکێك لە داگیرگەکانی بریتانیا. لەم نێوەندەدا کوردستان لە پاش ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی دەکرێت بە چوار پارچەوە. دەوڵەتانی جۆراوجۆر دروست دەبن و دروست دەکرێن. لەو لاشەوە ئیمپراتۆریەتی ڕوسیای تێزاری ڕووی لە ئاوابوون کرد و لە مناڵدانی خۆیدا چەندین وڵاتی بەرهەم هێنا. هەر بۆیە لەتەك چەمکی دروستکردنی دەوڵەت، دەوڵەتسازی و دەوڵەت ـ نەتەوەدا چەمکی نەتەوەسازیش هاتەئاراوە. نەتەوەسازی پرۆسەیەکی خۆڕسك و ناوەکییە کە بە دەستەبەربوونی دۆخێکی تایبەت، زەمینەی پێویست بۆ گۆڕینی "خەڵکی"ی نیشتیمانێك بەرەو "نەتەوە"ی ئەو نیشتیمانە، دەستەبەر دەکات یان یارمەتی دەدات. نەتەوەسازی واتە پرۆسەی دروستکردن یان دروستکردنەوەی نەتەوەیەك یان خودهوشیاری و کیبوونی نەتەوەییان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی دەوڵەتی خۆماڵی یان نەتەوەییەوە. (رحمان زادە، ١٣٩٣: ٢٣٧).

[1] Nation-Building

کوردەکان خاوەنی دەوڵەت نین. بەڵام بە گوێرەی زۆرینەی ئەو توێژینەوە و کتێبانەی کە لە هەمبەر هۆکارەکانی نەبوونی دەوڵەتی کوردستان نووسراون، چەندین هۆکاری جیوپۆلەتیکی، سیاسی، ئابوری، مێژووی، جوگرافی و دیموگرافی ریز و شەن و کەو کراون. بەڵام رەنگە هیچکام لەم هەوڵانە هێندەی پرسیار لە جەوهەری کێشەکە لە وەڵامی دروستتر نزیکمان نەکەنەوە. پرسیار لە جەوهەری نەتەوەبوون و کوردستانیبوون. واتە پرسیار لە بوونی نەتەوەیی و یان وردتر بڵێین نەتەوەسازی. جا بۆچی لەم پرسیارە بە رواڵەت سادە و هاوکات جەوهەرییەوە دەست پێنەکەین کە ئایا هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا نەتەوەیە؟ نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی کورد یان نەتەوەی کوردستان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟ ئەگەر هەیە چۆن و ئەگەر نییە بۆچی؟ ئەی پرۆسەی نەتەوەسازی چییە؟ رەگەزەکانی چین و پەیوەندی نەتەوەسازی بە ناسیۆنالیزم لە لایەك و بە دەوڵەت ـ نەتەوە لە لایەکیترەوە چییە؟ نەتەوە پێش دەوڵەتە یان بە پێچەوانەوە؟ چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە لایەك و نەتەوە و دەوڵەت لە لایەکیترەوە؟ بۆ هەرێمی کوردستان نەتەوە گرنگە یان دەوڵەت؟ ئەم پرسیارانە سەبارەت بە نەتەوە بۆیە گرنگە چونکە بوونی نەتەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە بوونی دەوڵەتەوە نییە، واتە مەرج نییە خاوەنی دەوڵەت بیت ئەنجا نەتەوەت هەبێت. لە هەمانکاتدا پەیوەندیەکی دەستلەملان هەیە لە نێوان نەتەوە و نەتەوەسازیدا و بە بێ نەتەوەسازی نەتەوە دروست نابێت.

## چەمکی نەتەوە

نووسین لەمەڕ نەتەوە و نەتەوەسازی، دەچێتە چوارچێوەی بابەتە نێوبەشییەکانەوە[1]. بۆیە هەم لە رووی کۆمەڵناسی مێژوویی و سیاسییەوە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، هەم سود لە فەلسەفە و ئێتنۆگرافیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش وەردەگیرێت. دەتوانین بڵێین لە دوو روانگەوە فەیلەسوفان و شارەزایانی ئەم بوارە سەیری بابەتی نەتەوەسازیان کردووە. یەکەم لەبەر ئەوەی هەمموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی قاچێکی لە رابردوودایە، ئەم روانینە پێیوایە کە بابەتی نەتەوەسازی پەیوەندی بە رابردووی گەلان و نەتەوەکانەوە هەیە. روانێکی دیکە مۆدێرنیستەکانن کە وەك دیاردە و بەرهەمێکی مۆدێرنیتە سەیری نەتەوە و نەتەوەسازیش دەکەن. عەباس وەلی ئەم دوو ئاڕاستەیە لە پەیوەندی هۆیی نێوان نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا سەیر دەکات. یەکێکیان روانینی ئەزەلیگەرا[2] و روانینی دروستکەرا (کۆنسترەکتیڤیست[3]). روانینی یەکەم کە باوەری بە دێرۆکیبوونی نەتەوە هەیە. واتە ناسیۆنالیزم بەرەنجامی سیاسیی نەتەوەیە؛ واتە ئامرازێك بۆ بەرجەستەبوونی مافی مێژوویی دەوڵەتێك. لەو لاشەوە روانینی دووەم بەرگری لە باڵادەستی ناسیۆنالیزم دەکەن وەك هۆکاری سەرەتایی پێچگرتنی نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی. لە روانگەی ئەوانەوە نەتەوە وەك یەکێك لە بەرەنجامەکانی سیاسەتی ناسیۆنالیزم، حاڵەتێکی نوێی سیاسی و لەمڕووەوە دیاردەیەکی مۆدێرنە"(وەلی، ١٣٩٨: ٢٠و٢١) لێرەوە دەکرێت نووسەرە کوردەکانی بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزم بۆ دوو بەرە دابەش بکەین. بەرەیەکیان ئەوانەن کە جەخت لەسەر مۆدێرنەبوونی چەمکی نەتەوە دەکەنەوە. لەوانەش عەباس وەلی، جەعفەر عەلی، ئەمیر حەسەن پور و ئازاد حاجی ئاقایی. بۆ نمونە جەعفەر عەلی بۆچوونی وەهایە کە "هەر قسەکردنێك لە پێکهاتە و چەمکی نەتەوە بە واتا سیاسییەکەی و بەر لەم قۆناغە بریتی دەبێت بە هەڵەیکی فیکری و مێژوویی گەورە"(عەلی، ٢٠١٣: ١٠٢) بەرەی دووەمیش ئەوانەن کە بە چاوی گێلنەرییەوە سەیری نەتەوە دەکەن و نەتەوە و ناسیۆنالیزمیان بە هەستی نەتەوایەتی و دێرۆکیبوونی نەتەوەکانەوە بەستووەتەوە. جا ئەم ئاماژەیە بۆ خۆی "یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی جومگەبەندی پێناسەیەکی روون سەبارەت بە نەتەوە و ئاوێزان بوون لە نێوان بەبنەماگرتنی پێوانەی سوبژەکتیڤ یان ئۆبژەکتیڤی ئەم بابەتە"(حاجی ئاقایی، ٢٠١٥: ١١)

ئەم مشتومڕە لە نێوان کۆمەڵناسی رووت و کۆمەڵناسی مێژووییشدا هەبووە. کۆمەڵناسیی زاڵ لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بابەتی ئێتنیك [و نەتەوە] وەك پاشمای رابردوو سەیر دەکات کە هێدی هێدی بە هۆی بەپیشەسازیبوونی زۆرەوە، شارنشینی، سیستەمەکانی فێرکردنی گەردوونی و مۆدێرنیتەوە بەرەو کاڵبوونەوەی و نەمان دەچێت. یەکێك لە دیارترینی ئەو کۆمەڵناسانەی کە بە پێچەوانەی کۆمەڵناسانی مێژوویین ڤان دن بێرگە کە "باوەڕی بە مۆدێرنیتەبوونی دەوڵەت ـ نەتەوە نییە و پێیوایە کە دەوڵەتی مۆدێرنەکان هەمیشە لەسەر لاشەی فۆرمە کۆنەکانی دەوڵەت راوەستاون(Malesevic, 2004: 85) بەڵام کۆمەڵناسیی رووت و بەتایبەت ماکس ڤیبەر جەخت لەسەر ئێتنیك دەکەنەوە نەك نەتەوە. ڤیبەر پێیوایە کە "کاریگەری و لێکەوتەکانی کردەی کۆمەڵایەتی و گرنگتر لە هەمووی لایەنی سیاسییەکەی کردەی بەکۆمەڵە کە دەبێتە نیگابەخشی بیروباوەری گروپی ئێتنیکی و گواستنەوە لە ئەندامییەتی گروپەوە بۆ کۆمەڵگەی سیاسی (Ibid. 4). بۆیە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا وشەی نەتەوە زۆر نوێیە و تەمەنی هەر دەوروبەری دوو سەدەیەکە.

---

[1] Interdisciplinary
[2] Primordialist
[3] Constructivist

**نەتەوە لە روانگەی چەمکناسییەوە**

لە رووی چەمکناسییەوە بۆ ئەوەی باشتر لە چەمکی نەتەوە و نەتەوەسازی تێبگەین، باشتر وایە کە ئاماژەیەکی کورت بۆ رەگ و ریشەی چەمکەکان و پەیوەندیان بە بە ناسیۆنالیزمەوە بکەین. ئەنسکلۆپیدیای ناسیۆنالیزم بۆ چەمکی نەتەوە وشەی لاتینی natia ی بەکارهێناوە کە مەبەست لێی "شتێك لەدایکبوو"ە. لە رۆمای کۆن بۆ ئەو خەڵکانە بەکار دەهات کە لە دەرەوەی رۆماوە هاتبوون و لەوێ دەژیان و لە ئیمتیازاتی هاوڵاتیبوونی رۆمایی سودمەند دەبوون. بۆیە هەڵگری واتایێکی بەزمسەیرکردنیش بوو. چونکە وابەستەبوونی تاکێك بە نەتەوەیێکەوە واتای ئەوە بوو کە لە رووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لە رۆمییەکان نزمتر بوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا بۆ ئەو قوتابیانەی زانکۆ بەکار دەهات کە لە دەرەوە دەهاتن و لە زانکۆکانی ئەوروپا دەیانخوێند. ئەم قوتابیانە لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەستیان بە مشتومڕ دەکرد و سەبارەت بە بابەتە جیاجیاکان بیروڕایان ئاڵوگۆڕ دەکرد. لێرە بەدوا ئیدی ئەم چەمکە واتا نزمەکەی خۆی لەدەستدا بەڵام هێشتا بە شێوەی بەربڵاو بەکار نەهات. تەنیا قوتابیان بە نەتەوە دەناسران و لەگەڵ تەواوکردنی خوێند ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەدەست دەدا. کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە دانیشتوانی دەرەکی، کۆلۆنییە بازرگانەکانی دانیشتووی بروژ و دواتر کۆلۆنییە بازرگانەکانی دانیشتوانی ئانتۆرپیش دەوترا. لە ١٩٨٧ نەتەوەکانی ئەندەلوسی، ڤینیسی، ناواری، فلۆرانستی و هانسی و ئەڵمانەکان کە دراوسێی بروژ بوون نەتەوەیان پێدەوترا. دواهەمینیان نەتەوەی جەنەوایی بوو. هاوکات بە واتای خەڵکی خاوەن بیروباوەڕیش بەکار هات کە بەجۆرێك بە ئەنجومەنەکانی کڵێسەوە دەبەسترانەوە. نوێنەرانی هەڵوێستە جیاوازەکان لە دەوری رێکخراوی رسپوبلیکا کریستیانا لەم ئەنجومەنانەدا کۆبوونەوە. ئەم حزبانە پێیان وترا نەتەوە. بەهۆی گۆڕانکاری دواتریش ئەم چەمکە گۆڕانی زیاتری بە خۆوە بینی. ناسنامەی نەتەوەیی ئیدی ریزی لێدەگیرا بەڵام هەر کاتی و بۆ گرووپی تایبەت بەکار دەهات. لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەش بۆ خەڵکی بەریتایان بەکار هات. دیسانەوە هاوواتای خەڵکی بەریتانیا بەکار هات. هەڵبەت بەرفراوانی بەکارهێنانی پەیوەست بوو بە گۆڕانکاری لە واتای "خەڵك"دا (ماتیل، ١٣٨٣: ٥٦٣).

شۆڕشە واتاییەکەی چەمکی نەتەوە کاتێك بوو کە بە هاوواتای وشەی خەڵك بەکار هات. هەرچەندە لە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و روسیدا ئەم چەمکە پێش ئەوەی هاوواتای خەڵك بێت بە واتای شەقاوە یان خەڵکی عەوام دەهات. خەڵك کە پێش بەنەتەوەبوون مەقولەیێکی کۆمەڵایەتی خاوەن پێگەی نزم ونالەبار بوو، قورساییەکی زیاتری پەیدا کرد و بە واتای بنەمای هاوبەستەیی سیاسی و ئەو کەسانەی کە دەبوو بەرامبەریان وەفاداری بنوێنرێت سەرلەنوێ پێناسە کرانەوە. ئەوکاتەی کە کۆمەڵگە بە هەموو چینەکانییەوە، بە نەتەوە پێناسە کرا، پێویست بوو بە سەربەخۆ و خەڵکانێکی پێکهاتوو لە تاکە یەکسانەکان وێنا بکرێت.

**نەتەوە و ناسیۆنالیزم**

چەمکی نەتەوە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. ناسیۆنالیزم چوارچێوەی کولتوریی مۆدێرنیتەیە؛ ناسیۆنالیزم میکانیزمی کولتوریی سەرەکی یەکپارچەیی کۆمەڵایەتییە و کەوایە، بونیادی کۆمەڵایەتییە. بەم حاڵەوە، بە روونی دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە دوو بنەمای ناسیۆنالیزم، واتە بنەمای دەسەڵاتی خەڵك و بنەمای یەکسانی بنەڕەتی، لە بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی مۆدێرندا، بە تایبەت لە دامەزراوەی حکومەت و سیستمی چینایەتی توێژبەندیی کۆمەڵایەتیدا رەنگی داوەتەوە. (ماتیل، ١٣٨٣: ٥٦٤) لە لایێکی ترەوە، دەوڵەت یەکێکە لە پێویستییەکانی بنەمای حوکمڕانی خەڵك. ئەو دەسەڵاتەی کە دەوڵەت دەیسەپێنێت نەك لەخودی دەوڵەتەوە و نە لە سەرچاوە باڵاکانی سەروتر لە نەتەوە، بەڵکو لە نەتەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

سەبارەت بە چەمکی ناسیۆنالیزم، ئەنسکلۆپیدیای ناسیۆنالیزم چوار جۆری ناسیۆنالیزمی پێناسە کردووە. ناسیۆنالیزمی هەمەکیگەرا[1]، تاکگەرایانە[2]، ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی[3] و شارستانی[4]. مەبەست لە یەکەمیان ناسیۆنالیزمێکە کە تیایدا نەتەوە بە تاکێکی گشتی بە ماف، بەرژەوەندی و خواستی تایبەت بە خۆی پێناسە دەکرێت. ناسیۆنالیزمی تاکگەرایاتە کە مەبەست لێی نەتەوەیێکە بە کۆمەڵێك تاکی ئازادەوە. ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی ناسیۆنالیزمێکە کە تیایدا ئەندامییەتی لەسەر بنەمای رەگ و رەچەڵەك دیاری کراوە و بە تایبەتمەندی هەژمار دەکرێت. ناسیۆنالیزمی مەدەنیش[5] ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە لەسەر بنەمای ئەوە ئەندامییەتی لە نەتەوەدا یەکسان دەکرێت بە هاوڵاتیبوون و بە مەقولەیێکی سیاسی یان پەیوەست بە ماف هەژمار دەکرێت. زاراوەی ناسیۆنالیزم زیاتر وەك زاراوەیێکی گشتگیر بەکار دێت کە دیاردەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و هوشیاری نەتەوەیی دوو دیاردەی پەیوەستن پێوەی و نەتەوەکان لە خۆ دەگرێت. لەم سەردەمەدا کۆمەڵگەی جیهانی بە کۆمەڵگەی نەتەوەکان پێناسە دەکرێت و وەها وێنا دەکرێت کە ئەو کۆمەڵگانەی کە

---

[1] Collectivist nationalism
[2] Individualistic nationalism
[3] Ethnic nationalism
[4] Civic nationalism
[5] Civic nationalism

خۆیان بە نەتەوە ناناسن، هێشتا نەتەوە نین. یەکەم نەتەوە بەریتانیا کە لە سەدەی شانزەدا بوو بە نەتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان، فەرەنسا و رۆسیاش لە سەدەی هەژدەدا خۆیان وەك نەتەوە ناساند. لە سەدەکانی دواتریشدا نەتەوەکانیتر.

ناسیۆنالیزم بە چەمك و دیاردەی نەتەوەپەرستیشەوە دبەسترێتەوە. نەتەوەپەرەستی زۆرجار رەنگدانەوەی هوشیاریی نەتەوەیی ژێرخانی و هەندێجار رەهەند یان وێنای ئەرێنیی ناسیۆنالیزمە ـ بە واتاییك ناسیۆنالیزمی باش ـ وەها وێنا دەکرێت کە دەکرێت وێنای نەرێنیشی هەبێت. بە هەموو ئەمانەوە، نەتەوەپەرەستی مەرج نییە هەمیشە پەیوەست بێت بە ناسیۆنالیزمەوە؛ ئەم چەمکە بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستی بۆ نیشتیمان یان پاتریا ـ ئەزری باو باپیران ـ و هەستێکی سروشتییە کە رەنگە جگە لەوەیکە کۆمەڵگەی مرۆیی بە نەتەوە پێناسە بکرێت یان نەکرێت بوونی هەبێت. چەمکی نەتەوەپەرەستی کەلە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا باو بوو، واتە نەتەوەپەرەستی مەسیحی، لەگەڵ هەر دوو جۆری دیکەی نەتەوەپەرەستی ـ شێوەی یونان و رۆمای کۆن و نەتەوەپەرەستی مۆدێرنی نەتەوەییدا ـ جیاواز بوو.

کتێبەکەی ئەندرسن بە ناونیشانی "کۆمەڵگە خەیاڵکردەکان" هەوڵێکە کلاسیك بۆ روونکردنەوەی بەردەوامیی ناسیۆنالیزم و گونجان لەگەڵ ئەو هەستە توندانەی کە ناسیۆنالیزم دەکرێت بەرهەمی بهێنێت. ئەو پێیوایە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی کۆن نییە وبە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێك لە راڤەکاران لە ئەوروپاش سەری هەڵنەداوە... لە دیدی ئەوەوە دەبێت لە سەردەمی جەنگە سەربەخۆخوازییەکانی ئەمریکاوە بە دوای بنەڕەتی ناسیۆنالیزمی مۆدێرندا بگەڕێین. سودوەرگرتن لە ئایدیای خۆبەختکردن و هەست بە بەرپرسیارییەتی لە لێکدانەوە پیرۆزەکاندا نیشانی دا کە هەر لە سەرتاوە، ناسیۆنالیزم شتێك بووە بانتر لە (ئیزم)ێکی سیاسیی دیکە.

**دەوڵەت ـ نەتەوە و نەتەوەسازی**

ئاماژە بە هەندێك خاڵی وێکچوون دەکرێت لە نێوان دەوڵەت-نەتەوە و نەتەوەسازیدا، لەهەمانکاتدا خاڵی جیاوازی قووڵی نێوانیشیان نابێت فەرامۆش بکرێت. دەوڵەت ـ نەتەوە وەك ئەرکێك بۆ دروستکردنی وڵاتانی کارا لەبەرچاو دەگیرێت کە توانای بەرجەستەبوونی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەت ـ نەتەوەیان هەبێت. هەروەها لە لایێکی دیکەوە ئاماژەیە بە پرۆسەی دابڕێنراوتری هەستی هاوبەشی شوناس یان کۆمەڵ لەنێو گروپە جیاوازەکانی تری دانیشتوانی هەرێمێکی دیاریکراودا. دەوڵەت ـ نەتەوە وەها جیادەکرێتەوە کە جەخت لەسەر ئەرکی پرەکتیکی دروستکردن یان بەهێزکردنی دامەزراوە دەوڵەتییەکان دەکاتەوە لەکاتێکدا کە نەتەوەسازی زیاتر لەسەر کارەکتەری پەیوەندییەکانی نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت کار دەکات. دەبێ ئەوەش بزانین کە دەوڵەت نەتەوە هەندێکجار پشت بە توانا و هاوکاری نێودەوڵەتی دەبەستێت بە ئاستێکی بەرفراوان، بەڵام نەتەوەسازی یارمەتییەکی سنوردار وەردەگرێت... لە قۆناغی هەنووکەشدا نەتەوەسازی لۆجیکی بۆ دەستوەردانی سەربازی لەو وڵاتانەی کە وەها دەردەکەوێت کە دەبنە هەڕەشەی جدی دژی ئاسایشی نێودەوڵەتی و هەروەها مامەڵەکردن لەتەك وڵاتانی پاش ـ ململانێ کە دەوڵەتەکانیان رووبەڕووی شکست بوونەتەوە یان لە لێواریدان... لێرەدا هەڵبەت مەبەست بەرجەستەکردنی کۆهەستی کۆمەڵگەیەك نییە. هێندەی مەبەست گۆڕین یان بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگەیەکی وەك ئێراق و ئەفغانستانە. یان بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەك کە لە ئەنجامی ململانێی ناوخۆوە داڕوخاوە. (Dinnen, 2006: 1)

بابەتی نەتەوەسازی پەیوەندییەکی نەپساوی هەیە لەتەك بابەتی ئاسایش و سیاسەتگوزاری پەرەپێداندا. مەرجیش نییە ئەم پرۆسەیە هەمیشە دوابەوای کۆتاییهاتنی ململانێ و ئاژاوەی نێوخۆی وڵاتێکەوە بیت. بەڵکو ئەم پرۆسەیە لە هەر وڵاتێکدا پیادە بکرێت ئامانجەکەی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییە کە لەسەر بنەمای یەکڕیزی و یەکگرتوویی دامەزرابێت. لە ساڵانی نێوان دەیەی ٥٠-٦٠ دابوو کە ئیدی نەتەوەسازی بووبە بابەتی جێی سەرنج و بایەخی هەموو ئەو وڵاتانەی ئاسیا و ئەفریقا کە کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی وڵاتانی کۆلۆنیالەوە. بۆیە هەر لەوکاتەوە پرۆسە و پرۆژەی نەتەوەسازی دوو واتای وەرگرت. واتایەکی گشتی و واتایەکی سنووردار. بە واتا گشتییەکەی، نەتەوەسازی بە سیاسەت و پرۆژەگەلێك دەوترێت کە وڵاتان بە ئامانجی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی "نەریتی" یەوە بۆ "مۆدێرنیتە" دەیانگرنەبەر. جا ئەم پرۆژەیە پێویستی بە کاری هەمەلایەنە و ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هەیە لە هەندێك رووەوە کە تیایدا هەموو رەگەزەکانی دەوڵەتی مۆدێرن کۆبوویێتەوە. ئەوەی کە لە کۆمەڵناسیی ڤیبەریشدا جەخت لەسەر لایەتی ئیداری و یاسایی و ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن دەکاتەوە. بەڵام نەتەوەسازی بە واتا سنوردارەکەی کە جێی سەرنجی ئێمەیە ئاماژە دەکات بە بەرهەمهێنانی خود۔ ئاگایی و بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی و هەست و سۆزی شوناسی نەتەوەیی) کە رەنگە لەتەك واقع و دۆخی ئێمەدا زیاتر بگونجێت.

ئەگەر لە رووی مێژووییەوە لە چەمکی نەتەوەسازی ورد بینەوە و سەیری نەخشەی جیهان بکەین کە چۆنچۆنی لە سەردەمانی رابردوودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دەبینین کە راستە لە رووی سیاسەتی نێودەوڵەتی هاوچەرخەوە چەمکێکی نوێیە بەڵام لە رووی پرەکتیکەوە مێژوویەکی دووری هەیە. ئەگەر لە سەدەی رابردووەوە چەمکی نەتەوەسازی دەستلەملان بووە لەتەك ناسیۆنالیزم و کۆلۆنیالیزم. هەندێکش نمونەی ئەڵمانیا و یابان دهێننەوە کە دوو وڵاتن توانیان لەم پرۆسەیەدا و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن. لە روانگەی ناسیۆنالیزمیشەوە ئەگەر سەیر بکەین پێکهاتنی نەتەوەکان لەم بەشە لە جیهاندا پێش دروستبوونی دەوڵەت بووە. تەنانەت تیۆری پروپاگەندەی رێەرانی ناسیۆنالیست لەو سەردەمەدا ئەوە بوو کە هەر نەتەوەیەك، پێکهاتوو لە کۆمەڵگەیەکی کولتور و خوێنی، ئەوە پێی دەوترێت دەوڵەت و خاوەنی دەوڵەتی خۆیەتی. هەر ئەم برەندەی ناسیۆنالیزم

یەکێتی دوبارە لە ئیتالیا لە ساڵی١٨٦١، لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ و دابەشبوونی ئەمسامەجەری لە ١٩١٨ بەدوایدا خۆیدا هێنا ( Dinnen, 2006:p4).

هەرچەندە ئەو وەرچەرخانە تەنیا بە هۆی سیاسەت و ڕێبەرە سیاسییەکانەوە رووی نەداوە بەڵکو گۆڕانکارییە خێراکانی باری تەکنەلۆجیا و ئابوری، گۆڕان لە قۆناغی کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازی، گۆڕانکارییە کولتورییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرهەڵدانی بەها جیهانییەکانیش رۆڵی خۆیان بینیوە. هەتا کۆمەڵگەکانیش باشتر توانیبێتیان سود لە دۆخی وڵاتانی خۆیان وەربگرن بۆ ئەوەی یەکپارچەیی و یەکرێزی خۆیان بپارێزن یان پەرەی پێبدەن، خەڵکی وڵاتەکەش کەمتر دووچاری لەتبوون و ناکۆکی بووبن، پرۆسەی نەتەوەسازی لەو شوێنانە سەرکەوتنی زیاتری بەدەست هێناوە. یەکێك لەو وڵاتانەی کە بە پێچەوانەی ئەڵمانیاوە ناوی دەهێنرێت کە لە پرۆسەکەدا کەمتر سەرکەوتوو بووە یوگسلافیا بووە.

### دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی

دەوڵەتسازی، نەتەوەسازی نییە. ئەم چەمکە زۆر بەربڵاو بەکار دێت. نەتەوەسازی ئاماژەیە بەرنامە و ستراتیجی قووڵ، لە لایەن ئەهلی دەستەبژێرەوە بۆ دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی هاوبەش (دژ بە ناسنامە گشتییەکان[1]) لە دەوری ئایدیای نەتەوە، جا چ بە واتا ئێتنیکی، کولتوری، مێژوویی و سیاسییەکەی بێت. لەرووی مێژووییەوە نەتەوەسازی زیاتر هاوتەریب لەگەڵ پرۆژەی دەوڵەتسازیدا ئەنجامدراوە. ئەو رێکارانەی کە زیاتر لە لایەن ئەکتەرە نەتەوەییەکانەوە بە ئامانجی بەدیهێنانی هەستی نەتەوەیی هاوبەش و لە پێناو زاڵبوون بەسەر ناکۆکییە ئێتنیکییەکان، تیرەیی یان کۆمەڵەکان، زۆرجار بە مەبەستی مامەڵەکردن لەتەك سەرچاوە جێگرەوەکانی ناسنامە و وەفاداری، زیاتریش بۆ ئامادەکردنی خەڵکی بۆ پشتیوانی پرۆژەیێکی دەوڵەتسازی هاوسەنگ[2] ( OECD ,2008,١٣) .

دەکرێت بە یەك خەسڵەتی سەرەکی دەوڵەتسازی لە نەتەوەسازی جیا بکەینەوە: ئەویش ئەوەیکە لە هەر وڵاتێکدا دەکرێت دەوڵەتێك بوونی هەبێت بە بێ ئەوەی کە هێشتا نەتەوە بوونی هەبێت. واتە تەمەنی هەر نەتەوەیەك زۆر درێژترە لە تەمەنی هەر دەوڵەت و سیستمێکی حکومەت. کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە لە وڵاتێکدا سەرهەڵدانی دەوڵەت بەردەوام لە سەرهەڵدانی "نەتەوەکان" نەك "خەڵك" لە پێشتر بووە. دەوڵەتسازی لێرەدا ئاماژەیە بە تاوتوێکردنی چۆنییەتی سەرهەڵدان و هەروەها رێکخستن و تواناسازی هەر دامەزراوەیەکی دەوڵەت و بەکارهێنانی مێتۆدە مۆدێرنەکانی بەرێوەبردنی ئەو دەوڵەتە. دەوڵەتسازی دەکرێت بە هۆی داگیرکردنی وڵاتێکە لە لایەن وڵاتێکی دیکەوە رووبدات وەك ئەوەیکە ئەمریکا بەرامبەر عێراق و ئەفغانستان ئەنجامیدا. یان لە رێگەی پشتیوانی دەرەکی لە ئۆپۆزسیونی وڵاتێك بۆ روخاندنی دەسەڵاتێك و دواتر دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیکە یان دەوڵەتان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا.

### پرۆژەی نەتەوەسازی

نەتەوەسازی لە رووی مێژووییەوە بە ئەندازەی تەمەنی دەوڵەتە شارستانی و پێشمۆدێرنەکان تەمەنی هەیە. بەڵام لە رووی چەمکاندنەوە، بۆ نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زاینی دەگەڕێتەوە. وشەنامەی ئەکادیمیای پاشایەتی ئسپانیا تا ساڵی ١٨٨٤ وشەی نەتەوەی بە واتا نوێیەکەی بەکار نەهێناوە. وشەنامەی ئۆکسفۆرد لە بەرامبەر وشەی nationدا وەهای نووسیوە: کۆمەڵگەیەکی پێکهاتووە لە خەڵکانێك بە تیرە، زمان، مێژوو و دامەزراوەی سیاسیی هاوبەشەوە کە زۆرجار لە ناوچەیەکی هاوبەش و لە ژێر فەرمانڕەواییەکی حکومەتی یەکگرتوودا دەژین. (رحمان زادە، ١٣٩٣: ١٦٥) لە رووی رەگوریشەی وشەکەشەوە وشەی nation لە ساڵانی ١٣٠٠ی زاینییەوە لە وشەی کۆنی فەرەنسی nacion ەوە کە خۆیشی لە وشەی لاتینی (nationem)ەوە بە واتای رەگەز و نەژاد وەرگیراوە. لە ساڵی ١٩٠٧ ەوە بوو کە ئیدی لە واتا نەژادییەکەی خۆی دور دەکەوێتەوە و بە واتای نەتەوەسازی بەکار دێت و شوێنی خۆی دەگرێت، بە تایبەتیش لە دەیەی ٤٠ی سەدەی حەڤدەوە.

پرۆسەی نەتەوەسازی لە رێگەی یەکگرتوویی، یەکپارچەیی و هوشیارکردنەوەی خەڵکی نیشتیمانێك لە ژێر ناوی نەتەوەیەکدا ئەنجام دەدرێت. نەتەوەسازی لە هەر وڵات و ناوچەیەك پێش هەموو کەس و دامەزراوەیەك لە ئەستۆی حکومەت و دەوڵەت و دەستەبژێرەکانییەتی. دەبێ ژێرخانەکانی دەوڵەت چ لە روی تەکنیکی و چ لە رووی پلان و نەخشەی دوورمەودای ئابوری و ژێرخانییەوە دەست بە پەرەپێدانی کولتوری پێویست بۆ یەکرێزی و یەکپارچەیی بکات. بەڵام شارەزایانی ئەم بوارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە " پرۆسەی نەتەوەسازی مۆدێرن، لەتەك بنکرنە کولتوری و مادییەکانی سیستمی فیودالی، خێڵەکی و ئێتنیکیدا نایێتەوە". (رحمان زادە، ٢٣٩)

بە وردبوونەوەیەك لە مێژوو و نەخشەی جیهان بۆمان دەردەکەوێت کە نەتەوەسازی مێژوویەکی زۆر درێژی هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا ئەم چەمکە وردەوردە لەتەك زۆر بابەتی بەرفراوانی دیکەی ناوچەیی و نێودەوڵی، گۆڕینی رژێم، بەدیموکراسیکردن و .. هتد دەستەوملان دەبێت. پرۆسە و پرۆژەی نەتەوەسازی پێناسەی جیاواز، رەگەزی جۆراوجۆر و فرەڕەهەندی وەرگرتووە. چوار بابەت بەشدارن لە سەرهەڵدانی نەتەوەدا:

---

[1] Plural
[2] CONCEPTS AND DILEMMAS OF STATE BUILDING IN FRAGILE 6 SITUATIONS – © OECD 2008,p 13

یەکەم) هوشیاری نەتەوەیی دیاردەیێکی جەماوەرییە نەك دەستەبژێری و جەماوەرەکان کە تا ئەم دواییە بە نزیکەیی نەخوێندەوار بوون هیچ هەستێکیان بەرامبەر بە ناسنامەی گرووپی نەبوو؛

دووەم) پێچمگرتنی نەتەوە پرۆسەیێکە نەك رووداو؛ و ساتێك لەم پرۆسەیە کە تیایدا ژمارەیێکی پێویست وەها دانیان بە ناسنامەی نەتەوەییدا ناوە کە ببێتە هۆی ئەوەیکە نەتەوەگەرایی ببێتە وزەیێکی کاریگەر بۆ خۆتەیارکردنی جەماوەرەکان بە شێوەیێکی ورد قابیلی ئەندازەگیری و پێشبینی نییە؛

سێیەم) پرۆسەی پێچمگرتنی نەتەوە پێشوەخت بڕیارلەسەرداو نییە، بەڵام هەر ساتێك دەکرێت کۆتایی پێبێت؛

چوارەم) هەستی پێکهێنانی نەتەوەیەك کە ـ بەستریتەوە بە باوباپیرانی هاوبەشەوە ـ کە بۆ هەستی نەتەوایەتی بنەرەتییە، دەگمەن لەگەڵ راستەقینەدا دێتەوە، بە جۆرێك کە مێژووی ئیتنۆگرافیی نەتەوەیێك زۆرجار پەیوەندییەکی لاوازی بە توێژینەوەکردن سەبارەت بە پێچمگرتنی نەتەوەوە هەیە. (کانر، ٢٧٢٠: ٢)

بە پێچەوانەی زۆر بۆچوون، پرۆسەی نەتەوەسازی خۆی بە ململانێ و ناکۆییەکان یان قۆناغی دوای لەناوچوونی نەتەوە و وڵاتانەوە سەرقاڵ ناکات. پرۆسەی نەتەوەسازی لە دوای گۆڕانکارییە گەورەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم وەك جەنگەکانی یەکەم و دووەم، جەنگی سارد و دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت لە لایەن وڵاتانی کۆڵۆنیاڵییەوە بووبە بابەتێکی جێی سەرنج و لە دەیەی ٥٠ و ٦٠ەوە ئیدی کایە ئەکادیمییەکان کاری جدیان لەسەر کرد. لەو کاتەوە ئەم چەمکە هەڵگری دوو واتای گشتی و سنوردارە. بە واتا گشتییەکەی ئەم زاراوەیە بەو سیاسەت و پرۆژانە دەوترێن کە لە رێگەیانەوە دەوڵەتە تازە سەربەخۆییوەرگرتووەکان مەبەستیانە لە قۆناغی نەریتەوە بۆ قۆناغی مۆدێرنێتە هەنگاو بنێن.

لەم پێناوەدا پێویست بوو هەوڵێکی هەمەلایەنەی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی دەست پێبکرێت کە هەموو رەگەزەکانی دەوڵەتێکی مۆدێرن لە خۆبگرێت. ئەمانە هەر ئەو رەگەزانەن کە ماکس ڤیبەر بە رێکخراوە ئیداری یاسایی، دەرهێنان و کۆنترۆڵکەرەکان ناویان دەبێت. بەواتا سنوردارەکەی "نەتەوەسازی ئاماژە دەکات بە بەرهەمهێنانی خودـ هوشیاری و بڵاوکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی و سۆز ـ ی هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی."(کانر: ٣)

جا ئەم هەوڵ و هەنگاوانە زۆرجار دەستەبژێرێکی بچوکی رۆشنبیران یان بەرپرسانی فەرمی لەناو حکومەت پیادەی دەکەن. لێرەوە وەها دەردەکەوێت کە نەتەوەسازی زیاتر مامەڵە لەتەك رەهەندە کولتوری و دەروونناسییەکەی گواستنەوە بەرەو مۆدێرنێتە دەکات. بۆیە یەکێك لە جیاوازییەکانی لەتەك دەوڵەتسازی ئەوەیە کە دەوڵەتسازی رەهەندەکانی دیکەی وەك سیاسی، ئابوری لەبەرچاو دەگرێت.

لە رووی ئەدەبیاتی توێژینەوەوەی نەتەوەسازی دەکرێت ئاماژە بە دوو خاڵ بکەن. یەکەم روانگەیەکە کە نەتەوەسازی لە گۆشەنیگای دەستوەردانی نێودەوڵەتییەوە سەیر دەکات. بەتایبەت کارەکانی (Chesterman[1] Simon)، دامەزراوەی RAND[2]، سەنتەری خوێندنەوەی نێودەوڵەتی و ستراتیجی[3] و US Institute of Peace. دووەم، لە روانگەی ئەو کەلێنە گەورەیەی کە لە نێوان سیاسەت و ئەدەبیاتی زانستیدا هەیە کە ئەدەبیاتێکی کاریگەر بە ناسۆنالیزم لە ئەوروپا تا هەنووکەش کار لەسەر دەوڵەت ـ نەتەوە دەکات. لە وڵاتانی پۆست ـ کۆڵۆنیاڵیشدا بەئەستەم دەتوانین سەرچاوەیەك بدۆزینەوە لەمەڕ ئەوەی کە هاوکاری دەرەکی هەبوویێت بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی. چونکە ئەوەی کراوە زیاتر لە چوارچێوەی دەوڵەت ـ نەتەوەدا کراوە. (Dinnen, 2006: 3)

**نەتەوەسازی و رەهەندەکانی**

لە سێ رەهەندەوە دەتوانین وێنەیەکی گشتی پرۆسەی نەتەوەسازی بنەخشێنین و لەو سێ رەهەندەوە لە چەند تایبەتمەندییەکەی سەرەکی پرۆسەکە تێبگەین.

**نەتەوەسازی و پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمەوە**

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە نەتەوەسازی و دوابەدوای ئەوە دەوڵەتسازی و دەوڵەت ـ نەتەوە بە تایبەت لە ئەوروپا یەکێکن لە دەرکەوتەکانی مۆدێرنێتە. هەنگاوێك گەڕانەوە بۆ سەدەی ١٩و٢٠ دەری دەخات کە جۆرە سەرەکییەکانی نەتەوەسازی لەتەك زۆرترین کاریگەرییەکانی لەسەر دنیای مۆدێرن، بریتی بوون لە ناسیۆنالیزم و کۆڵۆنیالیزم. بۆ ئەمەش نمونەی ئەڵمانیا و یابان دەهێنرێنەوە. هەرچەندە ناتوانین پەرەسەندنی دەوڵەت ـ نەتەوەکان لە ئەوروپا تەنیا لە ناسیۆنالیزمدا کورت بکەینەوە. رەنگە هۆکاری دیکەی وەك ئایینیش رۆڵیان لەم نێوەندەدا هەبوویێت. چونکە بابەتی نەتەوەسازی پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە شێوازی ژیان، پێشکەوتنی کۆمەڵگە، هوشیاری خەڵك و هوشیاری نەتەوەیی، پێشکەوتنی کولتوری و بەهاکانی وەك دیموکراسی و هاوڵاتیبوونەوە هەیە. نەتەوەسازی لەم وڵاتانەدا ئەوکاتە زوتر و زیاتر سەرکەوتوو دەبوو کە دەسەڵات هاوکار بێت بۆ بەشداری ئەوانیتر و رێگە بە دابەشبوون و پەرتبوونی زیاتری کۆمەڵگە نەدات. سەرکردە نەتەوەیی و ئایینییەکانی ئەو دەمە لە کاتی بانگەشە و هوتافکێشانیاندا باسی کۆمەڵگەی

---

[1] *You the People: The United Nations, Transitional Administration, and State-Building.*
[2] study of the American and UN experiences with 'nation-building
[3] Center for Strategic and International Studies report *Winning the Peace*

هاوبەشی راوەستاو لەسەر بنەمای کولتور و خوێنیان دەکرد. ئەم تایبەتمەندیانە بوون کە مافی هەبوونی دەوڵەتیان بە خەڵکی نیشتیمانێك دەدا. ئەمە هەر ئەو برەندە لە ناسیۆنالیزم بوو کە یەکگرتنی دوبارەی ئیتاڵیا لە ١٨٦١ و ئەڵمانیا لە ساڵی ١٨٧١ی بەدوای خۆیدا هێنا. هەڵبەت دروستبوونی ئەم شوناسە نەتەوەییە و نەتەوەیە سەتان ساڵی خایاندوە و هەروا لەپڕ دروست نەبووە. جگە لە رەهەندە سیاسییەکەی زۆر هۆکاری دیکەی وەك پێشکەوتنی وڵاتان لە رووی تەکنەلۆجیا و شێوازی بەرهەم و ژیان کاریگەری لەسەر داناوە.

## نەتەوەسازی و پەیوەندی بە کۆلۆنیالیزمەوە

وڵاتانی ئەوروپی لە ماوەی سەدەکانی ١٨ و ١٩دا چەندین دەوڵەتیان دروست و خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. ئەم ناوچانە بێشومار خەڵکیان تێدا دەژیا کە سەتان ساڵ بوو پێکەوە لە ململانێدا بوون. ئەم دەوڵەتانە روونە کە لەوکاتەدا هەم خۆیان نادیموکراسی بوون، هەم دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەوتبوون. "بۆیە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش لەو ناوچانەدا کە داگیریان دەکردن، لە ئەجێندایاندا نەبوو. تەنانەت لە هەندێك شوێندا بۆ نمونە وڵاتانی مێلانیزی[1]ەن و لەبەر نەبوونی بزوتنەوەکانی سەربەخۆییخوازی، ئەو کۆمەڵگانە زیاتر بەرەو دابەشبوون رۆشتن. ئەم سیاسەتانە هەندێك جار ئەنجامی پێچەوانەی دەدا بەدەستەوە و دەبووە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی داگیرکراو بە ئامانجی دژایەتی داگیرکاری و وەرگرتنی سەربەخۆیی راپەڕن. ئەم وڵاتانە دەوڵەتانی پێش نەتەوە بوون. واتە پێش ئەوەی ببنە نەتەوە ببونە خاوەنی دەوڵەت. ئەمەش وای کرد کە وڵاتان جارێکیتر دابەش ببنەوە. لیرەوە مەترسی "خێڵەکیبوون"ی ئەو ناوچە و وڵاتانە هاتە ئاراوە کە تازە داگیر کرابوون یان سەربەخۆییان وەرگرتبوو. ئەم وڵاتانە لەبەر ئەو سیستمەی کە باڵادەست بوو تیایاندا بەردەوام لە ململانێ ئیتنیکی دابوون. بۆ نمونە دابەشبوونی پاکستان بەسەر پاکستان و بەنگلادشدا سەلمێنەری ئەو بۆچوونەیە. هەندێك نمونەی دەگمەنیش وەك ئەوەی کە بەریتانیا لە هندستاندا پەیڕەوی کرد بوونیان هەیە.

بۆ دۆخی دوای جەنگی جیهانی دووەمیش دیسانەوە نمونەی ئەڵمانیا و یابان دەهێنرێتەوە کە بە هۆی سیاسەتەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانەوە ئەو دوو وڵاتانە توانیان ببنە دوو وڵاتی دیموکراسی کە نەتەوەسازی تیایاندا پیادە بکرێت.

لە دۆخی جەنگی سارد و دواتردا سیاسەت لە هەمبەر نەتەوەسازی گۆڕانی بەسەردا هات. بەهۆی دابەشبوونی جیهان و وڵاتان بەسەر دوو بلۆکی ئایدیۆلۆجیدا، دوو چەمکی "وڵاتانی دۆست" و "نادۆست" هاتە کایەوە. هەر ئەم سیاسەتە وای دەکرد لە لایەکەوە هەندێك وڵات هان و یارمەتی بدرێن و هەندێکیتر نا. نەتەوەسازی کەوتە ژێر کاریگەری ئەم سیستمەوە. بۆیە زۆربەی دەستوەردانەکان بە تایبەت لە نێو وڵاتانی سەر بە بلۆکی رۆژهەڵات لە سەروبەندی دوای جەنگی سارددا روویداوە. جەنگی دژی تیرۆر لە ئەفغانستان دوای یانزەی سێبتەمبەر یەکێکە لە هەوڵەکانی بۆ نەتەوەسازی لەو ناوچەیە.

## نەتەوەسازی: پەرەپێدان و گۆڕانکاری

لە روانگەی پەرەپێدانەوە، نەتەوەسازی، چەند رەگەزێکی سەرەکی لە خۆ دەگرێت، زانینی ئەم رەگەزانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بزانین کە نەتەوەسازی تا چەن پێویستییەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ هەرێمی کوردستان و قسەکردن و کارکردن بۆ دەوڵەتسازی بە بێ بوونی نەتەوەسازی ئەگەر سەریش بگرێت سەرکەوتوو نابێت. بە پێچەوانەشەوە دەکرێت وڵاتێك، نیشتیمانێك خاوەنی دەوڵەت نەبێت بەڵام نەتەوەسازی تێدا جێبەجێکرابێت. ئەم رەگەزانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: پەرەپێدانی وڵاتێکی خاوەن کارایی کە لە لایەن خەڵکەکەیەوە دانپێدانراو و خوازراو بێت. ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ ئەمە ئامادەکاری هێز، گەرەنتیکردنی ئاسایش بۆ دانیشتوان و وڵاتانی دراوسێ، سەروەری یاسا و دابینکردنی ئابوری هەمەلایەنەن. ئەمانە تایبەتمەندیە سەرەکییەکانی دەوڵەتدارییە ـ هەرچەندە هەمووی نییە بەڵام بنەمایەکی پێویست بۆ نەتەوەسازییە.

دووەم: نەتەوەسازی پێویستی بە ژێرخانی فیزیکی، کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانیش هەیە کە لە سەرلەبەری کۆمەڵگەی مەدەنیدا هاوبەشن. ئەم ژێرخانانە دەبێت بۆ هەموو گروپەکانی دانیشتوان لەبەردەستدا بن و لە لایەن ئەوانەوە بۆ مامەڵە و پەیوەندییەکان سودیان لێ وەربگیرێت. جا دروستکردنی هەستی نەتەوایەتی لە وڵاتێکدا کە لە رووی کۆمەڵایەتی و فیزیکییەوە دابڕاو بن لە ناوچەیەکی دیکە زۆر ئەستەمە.

سێیەم: سەرەڕای ئەم جۆرە لە تایبەتمەندیانەی دەوڵەتسازی، نەتەوەسازی زیاتر پێشگریمانەی بونیادی سۆسیۆکولتوریی و پرۆسەی گونجان دەگرێتەوە بە ئامانجی تایبەتمەندکردنی شوناس، بەهاکان و ئامانجەکان. بابەتی نەتەوەسازی کۆمەڵگەی هاوڵاتیان دەگرێتەوە کە پێکەوە دەیانەوێت نەتەوە دروست بکەن و پێکەوە ئەو ئەرکە بگرنە ئەستۆ. ئەم پرۆسەی نەتەوەسازییە تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوە پیادە ناکرێت بەڵکو پێویستی بە بەشداری چالاکیانەی هەموو هاوڵاتیان هەیە بە ئیرادەیەکی سیاسییەوە...

---

[1] Fiji, New Caledonia, Papua New Guinea, Solomon Islands, Vanuatu.

هاوڵاتیبوونیش یەکێکی دیکەیە لە کۆڵەکەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە و نەتەوەسازی. کارکردی دامەزراوە سەرەکییەکانی دیکەی وەك دادپەروەری و سیستمی سیاسی، زۆرجار پەیوەستە بەو کەسانەوە کە بە هۆی هەبوونی ماف و بەرپرسیارییەتیگەلی لەو چەشنەوە، دان بە هاوڵاتیبوونی خۆیاندا بنێن. لەو حاڵەتانەدا کە ناسنامەکان و وەفادارییە تاکەکەسییەکان لەسەر بنەمای ئەندامیەتی لە گروپە ئیتنیکییەکان و گروپەکانی دیکەدا بێت، ئەمە دەتوانێت هەستی ئەندامیەتی لە ناو کۆمەڵگەیەکی سیاسی گەورەتر لاواز بکات یان لەناوی ببات. وەفاداری بەرامبەر بە گروپە ئیتنیکی، خێڵەکی یان عەشیرەتی، لە زۆر ناوچەدا ڕەگی داکوتاوە و وەك وڵاتانی مێلانزی، زۆرجار بۆ گوندنشینان گرنگترە لە ئەندامیەتی لە دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن. ( Dinnen, 2006: 9)

لە پرۆسەی نەتەوەسازی و "نەتەوە ـ دەوڵەتدا هاوڵاتیان نەك لەبەر باوەڕ و جۆری دینداری بەڵکو تەنیا لەبەر لەدایکبوونیان لە قەڵەمڕەوی نیشتمانێکدا دەبنە خاوەنی مافی یەکسان و یەکەمین پێداویستی بەرجەستەبوونی ئەم مافە، بێلایەنی دەوڵەتە بەرامبەر بە ئایین و بیروباوەڕیان."(زیدآبادی، ١٤٠٠: ص٢٢) دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە پرۆسەی نەتەوەسازی زۆر لەوە قووڵتر و ئاڵۆزترە کە تەنیا بە یارمەتی دەرەکی وەك لە ئەفغانستان و ئێراقدا بینیمان بەرجەستە ببێت. هەموو هەوڵ و یارمەتییە دەرەکییەکان ڕەنگە لە باشترین حاڵەتدا یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی گروپەکانی نێو کۆمەڵگەیەك لە ململانێ و بەریەککەوتن بپارێزن.

یەکێکیتر لە ڕەگەزەکانی نەتەوەسازی لە ڕێگەی بەهێزکردنی ئاگایی و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دێتە ئاراوە. ئەمە دەکرێت لە ڕێگەی زیادکردنی دامەزراوەکانی چاکەی گشتی و بەرژەوەندی گشتییەوە ڕووبدات. لێرەدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرنگە کە لە پێناو پەرەپێدانی توانا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە هەوڵ بدەن و دامەزراوەکانی سەربە دەسەڵات ناچار بە وەڵامدانەوەی خەڵکی بکەن. دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، ئازادی ڕادەربڕین، دروستکردنی سەندیکاکانی پشتیوانی لە هەژاران ئەمانە ئەو هەنگاوانەن.

کۆتا خاڵ ئەوەیکە نەتەوەسازی لە ڕێگەی بەهێزکردنی بەشداری سیاسییەوە بەردی بناغەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکپارچەی نەتەوەیی یەکگرتووە. بەشداری سیاسی دەکرێت لە ڕێگەی لامەرکەزییەت بە ئامانجی بەرزکردنەوەی دەرفەتی بەشداری لە دەوڵەت و وەڵامدانەوەی زیاتری پێداویستییەکانی ناوخۆ پەرەی پێدرێت. هەروەها " هەموو ئەو یاسا و دەستورانەی کە لە حاڵەتی تاوتوێکردندان ئامرازگەلی نەتەوەسازین و یەکپارچەیی کولتوری، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی دروستکردنی زمانی کۆمەڵگەی ئیتنۆکولتورییەوە پاشان لە ڕێگەی دەوڵەتەوە کە زمانێکی فەرمی بۆ وڵات دیاری دەکات"( Grosby & Leoussi, 2007: 182 )

## ئە نجام

لە کۆتاییدا هەم لە ڕووی خەسارناسییەوە هەم لە ڕووی ئایندەناسییەوە دەکرێت قسە لەسەر نەتەوەسازی بکەین لە هەرێمی کوردستاندا. ئەو بابەتەی کە دەکرا بە درێژایی مێژووی کوردستان و بزوتنەوە نەتەوەخوازییەکان و لە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی ڕۆئاواییدا وەك دەرفەتێکی مێژوویی بۆ بەدیهێنانی خەونی لەمێژینەی نەتەوەی کورد بقۆزرێتەوە. ڕاستە کە بە دابەشکردنی کوردستان، هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هاوکار نەبوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەی کوردی، بەڵام لە چەند وێستگە و قۆناغی دیکە و لانیکەم لە دوای ڕاپەڕینەوە و سەپاندنی دژەفڕین دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا دەیتوانی بیر لە پرۆسەی نەتەوەسازی بکاتەوە. چونکە "نەتەوە وەك هەر دروستکراوێکی تەکنیکی بەرنامە و پلان بۆ دروستکردنەکەی دادەنرێت، بەمەش پلاندانان بۆ دروستکردنی نەتەوە دەبێتە بەشێك لە پرسەی نەتەوەسازی."(مستەفا، ٢٠١١: ٢٨١) بەڵام تێنەگەیشتن لە چەم و پێویستی و هەلومەرجی مێژوویی و لە ئاست باروودۆخنەبوونی پارت و حکومەتە یەکلەدوای یەکەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەربەستی گەورەیان لەبەردەم پرۆسەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردووە. ئەگەر دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەت نەهاتە ئاراوە، بەڵام خۆ دەستی حکومەت و دەستەبژێر واڵا بووە بۆ ئەوەیکە پرۆسەی نەتەوەسازی جێبەجێ بکەن. پارتە سیاسییەکان چ لە پەیڕەو و پرۆگرامیاندا چ لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا پرۆژەی نەتەوەسازی بکەنە ئەجێندای کارەکانیان. ڕۆشنبیرانیش هاوکار و یار بن بۆ بەدیهێنانی یەکڕیزی و قووڵنەکردنەوەی جیاوازییەکان و کەلێنە سیاسی، ئایدیۆلۆجی، ناوچەیی، شارچیەتی و نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش کە ئەمانە ڕەگەزە سەرەکییەکان و ئامانجەکانی پرۆسەی نەتەوەسازین. وەها دیارە کە نەتەوەسازی لە ڕووی چەمك، فەلسەفە و جیهانبینی پارتە سیاسییەکانەوە لەتەك ناسیۆنالیزم و دەوڵەت ـ نەتەوەدا تێکەڵ کراوە و هزر و ئایندەبینییەك سەبارەت بە نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نەبووە. ئەمە و جگە لە لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی و لاوازی گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد، کە بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە زۆربەی بزوتنەوە کوردییەکان لە سەرەتادا خاوەنی بنەمای گوتاری و تیۆریی دیاریکراو و بەهێز نەبوون و ڕەنگە ئەمە کەلێنە خۆی بۆ خۆی یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و نەتەوەسازی بووبێت.

### سەرچاوەی کوردی:

- مستەفا، عرفان، (٢٠١١) بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم.
- ولی، عباس، (١٣٩٨) مقدمه، ناسیوناليسم و مسئله خاستگاه، عباس ولی، گفتارهايی در خاستگاه ناسيۆناليسم کرد، ترجمه مراد روحی، تهران، نشر چشمه.
- حاجی ئاقایی، (٢٠١٥) رابردووە هاودژەکان خوێندنەوەیەکی دیسکۆرسیڤ لە ناسیۆنالیزمی کورد، سلێمانی، دەزگانی رۆشنبیری جەمال عیرفان.
- زید آبادی، احمد، (١٤٠٠) الزامات سیاست در عصر ملت ـ دولت، تهران، نشر نی.
- رحمان زاده، محمد، (١٣٩٣) نژاد، قوم و ملت در ایران، تهران، کتاب آمه.
- عەلی، جەعفەر، (٢٠١٣) ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، سلێمانی، چاپی دووەم، ناوەندی رۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.
- ماتیل، الکساندر، (١٣٨٣) دائره المعارف ناسیونالیسم، جلدی دوم، مفاهیم اساسی، سرپرستان ترجمه فارسی، کامران فانی، محبوبه مهاجر، تهران، کتابخانه تخصصی وزرات امور خارجه.
- کانر، واکر، (٢٧٢٠ کوردی) ظهور ملتها، ترجمه، غریب احمدی، گۆڤاری تیشك، ژماره ٥٦، ساڵی بیست و دووەم.

### سەرچاوەی ئینگلیزی:

- Maleševic, Siniša (2004) The Sociology of Ethnicity, SAGE Publications Ltd 6 Bonhill Street, London EC2A 4PU.
- S. Leoussi, Athena & Steven Grosby, (2007), Nationalism and Ethnosymbolism, History, Culture and Ethnicity in the Formation of Nations, Edinburgh University Press.
- Dinnen Sinclair, 2006, Nation – Building, Australian National University, https://www.researchgate.net/publication/283136264.

### سەرچاوە ئەلیکترۆنی

- OECD/DAC DISCUSSION (2008), CONCEPTS AND DILEMMAS OF STATE BUILDING IN FRAGILE 6 SITUATIONS p13 .Available on www.oecd.org›dac › conflict-fragility-resilience › docs.